# کاری چەتەگەری لە دەوڵەتی عوسمانیدا، کاروانێکی بالیسان (1892) وەك نمونە

**فاخر عالی عبابکر**

بەشی مێژوو، فەکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**

کاری چەتەگەری و کاروان ڕوتکردنەوە ڕیشەیەکی قوڵی لە مێژودا هەیە، بەهۆی بەرفراوانی سنورەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کاری چەتەگەری بە درێژایی مێژوی دەوڵەتەکە لە ئارا دابووە، ئەم کارە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، بازرگانی و کارگێڕیدا، ئاڵنگاریەکی زۆر مەزنی بۆ دەوڵەتی عوسمانی و خەڵك دروستکردبو، زۆرجار کاروانە بازرگانییەکان ڕوبەڕوی هێرشی چەتەگەرەکانی ڕێگا بۆتەوە، بەتایبەتی ئەو کاروانانەی لە نێوان دو شوێنی جیاوازەوە هاتووچۆیان هەبووە، کاروانێکی ناحیەی بالیسان یەکێك لەو کاروانانە بووە کە لە لایەن چەتەگەرەکانی سەرسنور هێرشی کراوەتەسەر و کەلوپەلەکانیان زەفت کردووە. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: **کاری چەتەگەری لە دەوڵەتی عوسمانیدا، کاروانێکی بالیسان (1892) وەك نمونە** ئامادەکراوە، لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، هەر تەوەرێك چەند ناونیشانێکی لاوەکی لەخۆگرتووە، لە پاڵ باسکردنی ڕوداوەکانی کاروانە بازرگانییەکەی بالیسان و شرۆڤەکردنی بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانی تایبەت بە ڕوداوەکە، بە پوختەو وردەکارییەوە باس لە مێژوی چەتەگەری و هۆکارەکانی ئەنجامدان و شێوازەکانی کاری چەتەگەری لە دەوڵەتی عوسمانی باسکراوە. ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، تێگەیشتنە لە بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی کورد و ناوچەکانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ئەو مەبەستە چەند پرسیارێکی سەرەکی لە بارەی کاروانە بازرگانییەکەی بالیسان وروژێنراون، ئەم پرسیارانە لەسەر بنەمای زانستی هەڵچنراون، لە سەرەکیترینیان لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتییە.هەروەها میتۆدی بەکارهێنراوی ئەم توێژینەوەیە میتۆدێکی شیکاری بەراوردکارییە، لەسەر بنەمای پێوەرە زانستییەکاندا هەوڵدراوە توێژینەوەیەکی پوخت و پڕ لە زانیاری ئامادە بکرێت. بەمشێوەیە لەژێر ڕۆشنایی ناونیشان و سەرچاوە بەکارهێنراوەکاندا چەند دەرئەنجامێك لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بە دەستهێنراون.

**وشەسەرەکییەکان:** ڕێگری، چەتە، ئەشقیا، بالیسان، دەوڵەتی عوسمانی.

## پێشەکی [1]

چەتەگەری وەك دیاردەیەکی نەخوازراو پڕ لە ئاڵنگاری جۆراوجۆر، لایەنێکی دیار و بەرچاوی لە مێژوی دەوڵەتی عوسمانی پێکهێناوە، زۆربون و کەمی کارەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هێز و دەسەڵاتی ناوەند و سوڵتانەکانەوە هەبووە، لە کاتی بەهێزی سوڵتانەکان و هەژمونی بەرفراوانی دەسەڵاتی ناوەند لەسەر ناوچەکان، کەمترین ڕێژەی تاوانی چەتەگەرایی ئەنجامدراوە، بە پێچەوانەشەوە، ئەو کاتانەی کە کاربەدەستان و دەسەڵاتی ناوەند بێ هێز بونایە کاری چەتەگەرایی لە ڕوبەرێکی فراوانی دەوڵەتەکە ئەنجامدراوە و کاربەدەستان توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەیان لە دەست دەردەچو، بەمهۆیەوە کاری ڕێگری و چەتەگەری کێشەیەکی گەورەی بۆ دەسەڵاتی کارگێڕی دەوڵەت دروستکردووە، بە تایبەت لە کۆتا سەدەکانی حوکمڕانی عوسمانیدا، چونکە دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتیدا گیرۆدەی چەندین کێشەی دارایی و کارگێڕی ببوەوە و نەیدەتوانی چارەسەرێکی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە، یەکێك لەو کێشانەش چەتەگەری بووە، ئەم کارەی چەتەگەرەکان ئەرکی کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانیان هێندە سەخت کردبو، کاربەدەستانی دەوڵەتیان ناچار کردبو هەمو ڕێ و شوێنێکی ڕێکخستن و لە ناوبردنی کاری ڕێگری یاخود چەتەگەری بگرێتەبەر.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە:** بۆ کەمی زانیاری و سەرچاوە دەگەڕێتەوە، لە نێو کتێبخانەی کوردی و توێژینەوەینەوە زانستییە کوردییەکاندا، زانیارییەکی زۆر کەم لەسەر چەمك و کاری چەتەگەرایی هەیە، بەمهۆیەوە بە مەبەستی زیاتر تێگەیشتن و بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاری و تێگەیشتن لە چەمکی چەتەگەری و هۆکارەکان و شێوازەکانی ئەنجامدانی کاری چەتەگەرایی، ئەم ناونیشانە هەڵبژێردراوە، هەر بۆ ئەم ئامانجەش کاروانێکی بازرگانی بالیسان بە نمونە وەرگیراوە، لەوبارەیەوە بەرچاوڕونییەکی باش بە خوێنەرانی کورد زمان و توێژەرانی ئەو بوارە دەدات.

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ جۆری سەرچاوەکان دەگەڕێتەوە،** پاڵپشت بە ژمارەیەك سەرچاوەی ڕەسەن و ئەکادیمی و بەکارهێنانی بەڵگەنامەیەکی فەرمی دەوڵەتی عوسمانی چەمکی چەتەگەرایی و هۆکار و شێوازەکانی کاری چەتەگەری لێکۆڵینەوەی لەسەر

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ۹، ژمارە ۱ (۲۰۲٦)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٦ ئاب ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١٠ ئەیلوول ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٨ کانوونی دووەم ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: fakhir.mirkhan@soran.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦ فاخر عالی عبابکر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی CC BY-NC-ND 4.0 -

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp11-19

دەکرێت و دەخرێتە بەردەستی خوێنەرانی کورد زمان و ناو کتێبخانەی کوردییەوە، ئەگەر زێدەڕۆییمان نەکردبێت زانیارییەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە لەنێو سەرچاوە کوردییەکاندا کەم وێنەو دەگمەن، هەر ئەمەش وادەکات توێژینەوەکە بە گرنگییەکی زیاترەوە دەربکەوێت.

**ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە**، لێکۆڵینەوەکردنە لە بارەی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی کورد و ناوچەکانی بووە لەژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ئەو مەبەستە چەند پرسیارێکی سەرەکی لە بارەی کاروانە بازرگانییەکەی بالیسان وروژێنراون، ئەم پرسیارانە لەسەر بنەمای زانستی هەڵچنراون، لە پرسیارە سەرەکییەکانیش، لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتییە، ئایا بارۆبژێوی کورد لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەو ئاستەدا بووە کە کاروانی بازرگانی تایبەت بەخۆی هەبێت؟ ئایا کاروانە بازرگانییەکە هی کەسێکی تایبەت بووە یاخود هی کۆمەڵە کەس و ناوچەیەك بووەو بە هەمویان کاروانەکەیان پێکهێناوە؟ ئەمانەو چەند پرسیارێکی دیکەی هاوشێوە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا کاریان لەسەر کراوە.

**گرفتەکانی توێژینەوە:** یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم هەمو توێژینەوەیەك سەرچاوەیە، لە باری هەبونی سەرچاوەی زۆردا تا ڕادەیەك توێژەر دەتوانێت سەرەدەرییان لەگەڵدا بکات و بەسەر گرفت و بەربەستەکاندا زاڵبێت، بەڵام لە باری نەبون و کەمی سەرچاوەدا توێژەر دەستەوەستان دەبێت و کەمتر دەتوانێت زانیاری نوێ بە دەستەوە بدات. گرفتەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیەش کەمی سەرچاوە بووە، هەرچەندە بەڵگەنامەیەکی زۆر دەگمەن و بڵاونەکراوە لەبەردەستی توێژەر بو، بەڵام پێویستی بە سەرچاوەی دیکە هەبو, کە ناوچەی بالیسان بناسێنرێت و هۆکارەکان و شێوازەکانی چەتەگەری بە سەرچاوەی پێویست و ڕەسەن ڕونبکرێتەوە. هەرچۆنێك بێت، لە دوای گەڕان و بە دواداچونێکی زۆر، گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە چارەسەرکراون.

**میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی بەکارهێنراوی ئەم توێژینەوەیە میتۆدێکی شیکاری بەراوردکارییە، لەسەر بنەمای پێوەرە زانستییەکاندا هەوڵدراوە توێژینەوەیەکی پوخت و پڕ لە زانیاری ئامادە بکرێت.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:** لە نوسین و ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆری وەك: بەڵگەنامە، کتێب، توێژینەوە و پێگەی ئەلیکترۆنی ئەنتەرنێت بەکارهێنراون، هەر یەکێك لەم سەرچاوانە لە شوێنی خۆیاندا سودیان لێ وەرگیراوە، لە بابەت ناساندن و خستنەرووی چەمك و وشەی چەتەگەریدا سەرچاوەگەلێکی باش بەردەست بون، بەڵام لەسەر بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە، کە کاروانێکی بالیسانە، سەرچاوەی کەم بەردەست بون، لەو بارەیەوە پشت بە بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانی بەستراوە و زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەکە شرۆڤە و شیکاریان بۆ ئەنجامدراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم بەناونیشانی: چەمکی "چەتە"و پوختەیەکی مێژویی کاری چەتەگەرایی لە دەوڵەتی عوسمانیدا، پێناسەی چەمکی چەتەگەری و پوختەیەکی مێژویی کاری چەتەگەری لە دەوڵەتی عوسمانی باسکراوە. تەوەری دووەمی توێژینەوەکەش بەناونیشانی: شێواز و ڕێکاکانی کاری چەتەگەری لە دەوڵەتی عوسمانیدا، باس لە شێواز و ڕێگایەکانی کاری چەتەگەری لە دەوڵەتی عوسمانی کراوە. هەروەها لە تەوەری سێیەمیشدا بە ناونیشانی: پوختەیەکی مێژویی بالیسان و سەربوردەی کاروانێکی بالیسان و چەتەگەرەکان لە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا، لەم تەوەرەدا بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوە شرۆڤەی بۆکراوە، زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەکە بەشێوەیەکی بابەتیانەو زانستیانە هەڵسەنگاندنیان بۆکراوە. لە کۆتاییدا هیوادارین توێژینەوەکە کەلێنێکی بچوکی لە کتێبخانەی کوردی پڕکردبێتەوە و خزمەتێکی نوێ و تازەگەری بە خوێنەرانی کوردزمان بگەیەنێت، بە ئومێدی ئەوەی لە داهاتودا ببێتە بناغەیەکی زانستی و توێژینەوەی باڵای زانستیی لە بارەیەوە بکرێت.

## ١. چەمکی "چەتە"و پوختەیەکی مێژویی کاری چەتەگەرایی لە دەوڵەتی عوسمانیدا

### ١ .١ چەمکی "چەتە" و "چەتەگەری" لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردی و تورکی عوسمانییدا

چەمك یاخود وشەی "چەتە" یەکێکە لە چەمك و وشە زۆر دیارەکانی نێو زمانی کوردی، مانایەکەی بۆ کاری دزی و ڕێگری بە شێوەی: "دزی و جەردەیی، دزی و چەتەیی، چەتەو ڕێگری" بەکاردەهێنرێت. بۆ بەرچاوڕونی و دەرخستنی بنچینە و ڕەگی وشەکە واباشترە سەرێك بەسەر فەرهەنگە زمانەوانییەکان دابگرین و لە ماناو شێوازەکانی بەکارهێنانی ئەم چەمکە بکۆڵینەوە. بە شێوەیەکی گشتی وشەکانی: (چەتە، چەتەیی، چەتەگەری و چەتەکاری) وەك وشەیەکی دیارو بەرچاو لە ژیانی ڕۆژانەماندا کەم تا زۆر لە شوێنی جیاواز گوێبیست دەبین و بەرچاومان دەکەوێت، مانای ئەم وشانە لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا مانای: دزی و جەردەیی، ڕێگری، تاڵانگر، خوێنڕێژ و ستەم و زۆرداریان بۆ بەکارهێنراوە، هەروەها بە گوێرەی فەرهەنگەکانی زمانی کوردی، بۆ ئەو پۆلیس و فەرمانبەرانەش بەکارهێنراوە کە کاروبارەکانی حکومەت بە زۆردارەکی ڕادەپەڕێنن یاخود کاری دەستگیرکردنی دزەکانیان پێ سپێردراوە (هەژار، 1388، 214 ؛ خاڵ، 2017، 179 ؛ موکریانی، 1999، 307).

بە گوێرەی فەرهەنگەکانی زمانی تورکی بنچینەی وشەی "چەتە" بۆ زمانی بێگانە دەگەڕێتەوە، یەکێکە لەو وشانەی کە لە زمانەکانی دیکەوە تێکەڵ بە زمانی تورکی بووە. بە گوێرەی یەکێك لە فەرهەنگە دیارەکانی زمانی تورکی ڕەگوڕیشەو بنچینەی وشەی "چەتە"ی بۆ زمانی ئەلبانی دەگەڕێتەوە. هەروەها وشەی "چەتە" بەو کەس و گروپانەش گوتراوە کە لە ناوچەیەکی دیاریکراو یاخود لە ناوچە سنورییەکان دەستدرێژیان کردۆتە سەر ڕێبواران کاروانە بازرگانییەکان و خەڵکی ڕێبواریان تاڵان کردووە، ئەو کەسانەی کە کاری چەتەگەریشیان کردووە پێیان گوتراوە "چەتەچی". (Sami, 2015, 208). بەمشێوەیە ئەم وشەیە لە نێو زمانی تورکیدا جێگەی خۆی گرتووە. هەروەها بە مانای: بەدبەخت، تاوانبار، یاخی و لە یاسا دەرچوش بەکاردەهێنرێت. لە زمانی کۆنی تورکی عوسمانیدا وشەکانی: (ئەشقیا / eşkıya)، (قوتاعولتەریق / kuttâu't tarîk)و وشەی ( موخەریب / muharib)یش بۆ هەمان مەبەستی کاری چەتەگەری بەکارهێنراوە (Sami, 2015, 323, 700, 823 ; Artan, 2016, 15 – 17).

بە شێوەیەکی گشتی ناو و چەمکی چەتە یاخود چەتەچی لە زمانی تورکیدا بە هەمو ئەو کۆمەڵە کەسانە گوتراوە یا دەگوترێت کە کارێکی نا یاسایی و دور لە بەها مرۆڤایەتییەکان ئەنجام دەدەن، هەمو ئەمانە بە ئامانجی بە دەستهێنانی دەستکەوتێکی ماددی و دیاریکراو هەڵدەکوتنە سەر کەسانی ڕێبوار و کاروانە بازرگانییەکان و لە ڕێگا دورە دەست و لاچەپەکاندا ڕوتیان دەکەنەوە، ئەو چەتانە بە شێوەی گروپی بچوك بچوکی چەکدار، لە ناوچە عاسێیەکان و دور لە ئاسایش و یاسا بەرکارەکانی

دەوڵەت و دەسەڵاتی حکومەت لە دەوری یەك کۆبونەتەوە، بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان لەسەر ئەو جۆرە داهات و دەستکەوتانە بەڕێوەبردووە کە لە کاری چەتەگەریدا دەستیان دەکەوت. بەمشێوەیە دەکرێ بگوترێت ئەم وشەیە لەبەرئەنجامی بەرفراوانی دەسەڵات و سنوری دەوڵەتی عوسمانی تێکەڵ بە زمانی تورکی بووە، ئەم تێکەڵبونە زمانییە لە بەرئەنجامی بەرفراوانی سنوری دەوڵەتی عوسمانییەوە دروستبووە، چونکە دەسەڵات و حوکمڕانی عوسمانییەکان لە هەر سێ کیشوەری ئەورووپا، ئاسیا و ئەفریقیادا هەبووە، ئەمەش وایکردووە فرە نەتەوەییەك لە ناوەوەی دەوڵەتەکە دروستبێت و بەشێك لە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکانی دیکە تێکەڵ بە زمانی تورکی ببێت. هەروەها لەگەڵ ئەوەی وشەی چەتە و ئەشقیا و چەند وشەیەکی دیکەی کۆنی هاوشێوە، لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا بەکارهاتون و لە فەرهەنگەکانی زمانی تورکی عوسمانیدا هەیە، بەڵام لە ئێستادا ئەم وشانە لە لایەن نەوەی نوێی تورکەکاندا تا ڕادەیەك فەرامۆشکراون و لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا کەمتر بەکاردەهێنرێت.

## ٢.١ پوختەیەکی مێژوویی کاری چەتەگەرایی و هۆکارەکانی گەشەسەندنی لە دەوڵەتی عوسمانیدا

کاری چەتەیی و چەتەگەرایەتی ڕیشەیەکی قوڵی لە مێژوودا هەیە، لەسەر ئەم بابەتە چەندین ڕوداو و کاری چەتەیی لە سەرچاوە مێژوییەکاندا تۆمارکراوە، هەرکاتێك بارودۆخی ئابوری و سیاسی وڵاتان ناسەقامگیر بوبێت، دیارەدەی ڕێگری و چەتەگەرایی لە ڕوبەرێکی فراواندا پەرەی سەندووەو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بژێوی ژیان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری هاوڵاتیان دروستکردووە. یەکێك لە نمونە دیارەکانی دەوڵەتی عوسمانی سوپای ئینکیشارییە، کاتێك سوڵتان مەحمودی دووەم (1808 – 1839) سوپای ئینکشاری لە ساڵی (1826) لەناوبرد، لایەنگران و پاشماوەی سوپایەکە، وەکو پەرچەکردارێك لە دژی سوڵتان و سیاسەتی دەوڵەت پەنایان بۆ کاری چەتەگەری بردووە و لە پەناگەی چیایەکاندا چالاکیان ئەنجامداوە (Çakmak & Özcan, 2023, 392).

بەشێوەیەکی گشتی کاری سەرەکی چەتەگەرەکان لە پێناو بەدەستهێنانی پارەو کەرستەی گرانبەهادا بووە، بۆیە کارەکە ئاستێکی بەرفراوانتری وەرگرتووەو گەیشتۆتە ئاستی ڕفاندن و بە بارمتە گرتنی مرۆڤەکانیش، چەتەگەرەکان لەکاتی ئەنجامدانی هێرش و کارە ڕێگرییەکانیاندا ئافرەت و منداڵەکانیان بە بارمتە گرتووەو کردویانەتە کۆیلەو لە بازاڕەکانی کۆیلەییدا فرۆشتویانن. لەو بارەیەوە یۆنانی و فینیقییەکان کۆنترین نەتەوە بونە کە کاری چەتەو چەتەگەراییان وەك ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی هێزی کاری کۆیلەکان و دەستکەوتی ماددی کارەکەیان ئەنجامداوە. (ئەلتەرمانینی، 2015، 49). لە مێژوی نوێشدا بە چەند شێوەیەکی جیاواز هەمان وێنە بەدیدەکرێت، لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادی و بڕێك پارە، چەتەو ڕێگرەکان، بە هۆکاری جیاواز لەسەر ڕێگا دورە دەست و لاچەپەکانی ڕێبواران و کاروانە بازرگانییەکان ساتر و کەمینی شاراوەیان دروستکردووە، هەندێجار کاروانەکانیان ڕوتکردۆتەوە و هەندێکجاریش خەڵکیان ڕفاندووەو دواتر لە بەرانبەر بڕێك پارە ئازادیان کردون یاخود کەسە ڕفێنراوەکەیان بە گروپ و دەستەیەکی دیکە بە پارە فرۆشتووە (Biçer, 2021, 205 – 206).

بەمشێوەیە دەکرێ بگوترێ کاری چەتەگەرایی دیاردەیەك نەبووە تەنها لە مێژوی نوێدا هەبێت، بەڵکو کارەکە ڕیشەیەکی دور و قوڵی هەیەو مێژووەکەی بۆ سەدەکانی پێش زاین دەگەڕێتەوە، هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەی بۆکرا، گەشەسەندن و بەرفراوانبونی کاری چەتەگەرایی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هەبونی هێزێکی تۆکمەی دەسەڵات و سەقامگیری ئاسایشی وڵات و ناوچەکانەوە هەبووە، لە کوێ دەسەڵات بێ هێز و شپرزە بووایە کاری چەتەگەری بازاڕێکی گەرمی هەبووەو دەستکەوتێکی باشیان بە دەستهێناوە، بە پێچەوانەشەوە ڕاست بووە. بە پشتبەستن بە تۆمارە مێژوییەکان و یاسا بەرکارەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کاری چەتەگەری دۆسیەیەکی تاوانکاریی بووە، ئەم کارە لە ئەنجامی ڕەچاونەکردنی بەهای مرۆڤایەتی و نەبونی ناسەقامگیری هێمنایەتی و شلۆقی یاساکانی دەوڵەت دروستدەبێت و لە ئەنجامدا کاری تاوانکاریی سەرهەڵدەدات. لەو بارەیەوە چەندین نمونەی کاری چەتەو ڕێگری لە نێو لاپەڕەکانی مێژوی دەوڵەتی عوسمانی بەرچاو دەکەون، بەهۆی بەرفراوانی سنورەکانی دەوڵەتەکە، چەتەگەرەکانی سەر ڕێگا، جگە لەوەی پشێوی و کێشەیەکی زۆریان بۆ کاروانە بازرگانییەکان دروست دەکرد، بەربەست و ئاستەنگێکی زۆریشیان بۆ کاری بەڕێوەبردن و سەقامگیری ئاسایشی دەوڵەت و دەسەڵاتی عوسمانی دروستکردووە (Ünal, 2017, 3 – 9).

دروستبونی ئەم بارودۆخە لە ئەنجامی نەبونی دەسەڵاتێکی بەهێزو جێبەجێ نەکردنی یاساکان بووە لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانی، ڕێژەی تاوان و کاری چەتەگەرایی لە سەردەمی ئەو کاربەدەستانەی کە دەسەڵاتیان بێ هێز بووە زیاتر پەرەی سەندووە. ئەم کارانەی چەتەگەرەکان خۆیان لە چەند جۆرێکدا دەبیننەوە، زۆرلێکردن و لێ ستاندنی پارە لە خەڵك، هێرشکردن و دەستدرێژیکردنە سەر موڵك و ماڵی خەڵك، ڕفاندنی مرۆڤەکان و فرۆشتنیان لە بازاڕەکاندا، ڕێگەگرتن لە کاروانەکان، هەڵگرتنی چەك و گەڕان لە کوچەوکۆڵانی شارەکان، جنێودان و سوکایەتی کردن بە خەڵك، ئەمانەو چەندین کاری دیکەی ناپەسەند دیارترین کاروچالاکی چەتەگەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی بووە (Biçer, 2021, 200 – 211).

کاری چەتەگەری زادەی کۆمەڵێك هۆکاری جۆراوجۆر بووە، بۆیە ئەو کەسانەی کە بە کاری چەتەگەری هەڵساون، بە هۆکارێك لە هۆکارەکان لەو کارە تێوەگلاون،کا تێك کەسێك یاخود گروپێك کارێکی تاوانکارییان ئەنجام دەدا، بۆ ئەوەی زیندانی نەکرێن و لە سێدارە نەدرێن، پەنایان بۆ ژیانێکی نوێ بردووە، ئەم ژیانەشیان بە هەڵگرتنی چەك و کاری ڕاوکردن لە دەشت و دەرە دورە دەستەکان دەست پێکردووە. ئەم دۆخە دەرگایەکی نوێی بۆ دروستبونی باندی چەتەیی خۆشکردووە، ئەو گروپ و کەسانەی کە لە ترسی گرتن و لێپرسینەوە لە ناوەندی شارەکان هەڵاتبون، سودیان لە خراپیی بارودۆخی ئابوری و بێکاری وەرگرتووەو کاریگەرییان لەسەر ناوچەکان دروستکردووە. هەروەها هەندێکجاریش وابووە ئەو سەربازە بە ئەزمون و شارەزایانەی کە بۆ شەڕ مەشقیان پێکراوە، بەهۆی بێکاری و نەبونی داهاتەوە نەدەچونە ناو سوپای دەوڵەت و پەیوەندییان بە گروپی ئەو چەتانەوە کردووە کە لە دەرەوەی شارەکاندا دروستببون (Ertaş, 2017, 180 – 183; İslam ansiklopediyesi, 467).

گروپێکی دیکەی باندەکان کە کاری چەتەگەرییان ئەنجامداوە، لەو کەسانە پێکهاتبون کە بەهۆی سزادانەوە لە لایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە بۆ ناوچە دورە دەستەکان و سەر سنور دورخراونەتەوە (Daşcioğlu, 2017, 311 – 313). ئەم دورخستنەوەیەش بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان بووە، چونکە ئەو گروپ و باندانەی کاری چەتەگەرییان ئەنجامدەدا، پشێوی و ئاڵۆزییەکی زۆریان بۆ ژیانی ئاسایی خەڵك و ئارامی دەوڵەت دروستکردووە، بۆ گەڕانەوەی سەقامگیری و چەسپاندنی ئاسایشی ناوچەکان، دەوڵەتی عوسمانی هەڵوێستێکی زۆر توندی هەبووە. هەڵوێستەکەشی زیاتر لە ڕوانگەیەکی ئایینی ئیسلام و یاسا بەرکارەکانی دەوڵەتەوە

بووە، هەمو دەستدرێژی کردنە سەر موڵک وماڵێکی هاوڵاتیانی بە تاوان ناساندووە و سزایەکی قورسییان بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەستنیشانکردووە کە تێکەڵ بەکاری چەتەگەرایی ببون (İslam ansiklopediyesi, 466).

ئەم بارودۆخە تایبەتەی بەهۆی چەتەگەرەکانەوە دروست دەبو، دەوڵەتی عوسمانی توشی کێشەو ئاڵنگارییەکی نەبونی سەقامگیری کردبووەوە، بە تێپەڕبونی کات و بێ هێز بونی دەسەڵاتی عوسمانییەکان پشێوییەکان زیاتر بووە. ڕاستی ئەم وێنەیەش لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەهەم و سەرەتای سەدەی حەڤدەهەم دەردەکەوێت، بەهۆی چەندین هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی دەسەڵات و هێزی عوسمانییەکان لەوێوە بەرەو بێ هێزی و لاوازی چووە، هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی لە باری هێرشکردنەوە بۆ باری بەرگری گۆڕاوە، کاربەدەستانی دەوڵەت لە خەمی هێشتنەوەو پارێزگاری کردنی سنورو زەوییەکانیاندا بونە (kodamn, 2007, 17 – 20). ئەم بێ هێزبونەی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لەبەرئەنجامی شەڕ و پشێوییەکانی ڕۆژئاوا و تێکچونی سیستەمی ئابورییەوە دروستبووە، ئەو ڕوداوانە سەرچاوەیەکی سەرەکی و بەردەوامی نائارامی دەوڵەتەکە بووە، هەروەها خەرجییە زۆرەکان و هەڵمەتە بەردەوامەکانی جەنگ هۆکاری زۆربونی هەژاری بووە، لە لایەکی دیکەوە زۆری ماوەی سەربازیکردن و زیادبونی ژمارەی دانیشتوان لە ئەنادۆڵ و کەمبونەوەی داهاتی خێزانەکان و خراپی بژێوی ڕۆژانەی هاوڵاتیان، سەرچاوەیەکی دیکەی خراپبونی دۆخی ژیان و ئابوری دانیشتوان بووە، ئەم بارودۆخە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری گەنجەکان بێ کار و بێ زەوی بمێننەوە، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ دروستبونی باند و گروپی چەتەیی، ژمارەیەك لە گەنج و لاوەکان تێکەڵ بەو گروپانە بونە کە کاری چەتەگەرییان ئەنجامداوە (https://www.defineanlami.com ; Çakmak & Özcan, 2023, 391 ; GÖKBUNAR, 2010, 73 – 77).

بابەتێکی دیکەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی کاری چەتەگەری تێکچونی (سیستمی تیمار) بووە، ئەم سیستمە پەیوەست بووە بە کاری سەربازی دەوڵەتی عوسمانی، لەسەر بنەمای داهاتی زەوی و زار دامەزرابو، بە گوێرەی داهاتی زەوییەکە دەبو سەرباز بۆ سوپای دەوڵەت دابین بکرێت، بەمهۆیەوە سیستمی تیمار ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری لە ژیانی دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانیدا بینیوە. لە سەرەتای دروستبونی دەوڵەتەکە سەرباز و هێزێکی زۆری بۆ دەوڵەتەکە دابینکردووە، بەڵام دوای دەرکەوتنی سەرەتاکانی بێهێزی دەسەڵات، سیستمی تیمار زیانێکی زۆری بە کاروباری کارگێڕی و دارایی و ژیانی کۆمەڵایەتی دانیشتوان گەیاندووە. ئەم بارودۆخە وایکردووە زەرەرمەندی یەکەم چینی جوتیار و بەرهەمهێنەرەکان بن، ئەم چینە بێ کار ماونەتەوە و زیاتر هەژار بونەو بەشێکی زۆریان لە گەنجەکان پێکهاتبون، ئەوانەی کە بێ کار ماونەتەوە بە ناچاری بە دوای دۆزینەوە و دابینکردنی بژێوی ژیاندا گەڕاون، بەمهۆیەوە زۆرێک لەو گەنجانە ڕویان لە کاری چەتەگەرایی کردووە. هەروەها لەگەڵ دارمانی سیستمی تیمار بەشێك لەو سەربازانەی کە بە گوێرەی ڕێژە و داهاتی زەوییەکان بەشدارییان لە شەڕەکانی دەوڵەتدا دەکرد  پێیان دەگوترا (سپاهیەکان) ئەمانە هیچی تر نەیانتوانیوە بچنە شوێنە دورەکان، پابەند نەبونی ئەو سەربازانە بۆتە هۆی ئەوەی لە سیستەمی تیمار دوربخرێنەوە. بەمشێوەیە ئەو سپاهیانەی لە سیستمی تیمار دورخرانەوە، بێکار ماونەتەوە، هەندێکیش لەمانە گروپی چەتەییان پێکهێناوە. لەم قۆناغەدا بەکارهێنانی بەربڵاوی تفەنگ و کڕین و فرۆشتنی لە بازاڕەکان و بە ئاسان دەستخستنی، ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستبونی ئەم گروپانەدا هەبووە. بەشێك لە سەرکردەی باندەکان بەرپرس و کاربەدەستی پێشوی حکومەت بونە، یاخود لە سیستمی تیمار دا خاوەن پلە بونە یانیش خاوەن پلەی کارگێڕی و سەربازی پلە بەرز بونە، ئەوانە هەمیشە دەرفەتیان لە بێ هێزی و تێکچونی بارودۆخی دەوڵەت وەرگرتووە، بە تایبەت لە کاتی جەنگەکاندا (Meriç Volkan & İnbaşı Mehmet, 2023, 1315 – 1318 ; https:// anabilgi.anadolu.edu.tr ; https://islamansiklopedisi.org.tr/sipahi)

لە ئەنجامی دروستبوونی ئەم بارودۆخەدا چەند بزوتنەوەیەکی یاخیبون لە ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی دروستبونە، ژمارەیەکی زۆری ئەو بزوتنەوە یاخیبوانە لە ناوچەکانی ئەنادۆڵدا بووە، ئەم یاخیبونانە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر کاری بەڕێوەبردن و سەقامگیری ئاسایش و هێمنایەتی دەوڵەتەکە هەبووە( بۆ زانیاری زیاتری یاخیبونەکان بڕوانە: Yılmaz, 2023, 75 – 225). ئەم پشێوییانەی کە لە ئەنجامی یاخبونەکاندا دروستبونە زەمینەیەکی لەباری بۆ کاری چەتەگەری خۆشکردووە، چەتەگەرەکان سەلامەتی ڕێگاوبانەکانیان لە ناوچە دورەدەستەکان و ئەنادۆڵ بە تەواوی شێواندووە، ئەو سەربازو پاسەوانانەی کە لە قولەو قەڵاکانی ئەنادۆڵدا خزمەتیان دەکرد، نەیانتوانیوە ڕێگری لە کاری چەتەگەرەکان بکەن، ئەمەش نائارامییەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە و بە ئاسانی نەتوانراوە زەویەکان بچێنرێن و لە کاری بەهەمهێناندا بەکاربهێنرێن. بەمهۆیەوە گوندنشینەکان لە ترسی کاری چەتەگەری و باندەکان زەوی و زارو زێدی خۆیان بەجێهێشتووە، ئەم بارودۆخە کەمبونەوەی خۆراك و دانەوێڵەی بەدوای خۆیدا هێناوە، بە تایبەتی لە کاتی شەڕەکاندا، ئەمەش بارودۆخی وڵات و بژێوی ژیانی هاوڵاتیانی سەخت کردووە. دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی حەڤدەهەم بەدواوە ڕوبەڕوی کێشەیەکی گەورەی نەبونی سەقامگیری ئاسایش و خراپی بارودۆخی ئابوری بۆتەوە، بە هۆی هەبونی چەندین بزوتنەوەی یاخیبون و هەبونی چەتە و ڕێگرێکی زۆر، ناوچەکانی ئەنادۆڵ بونەتە ناوچەیەکی مەترسیداری کاروانی بازرگانی و زیارەتکارانی حەج و گەشتیارییەکانی دیکە. لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم بەدواوە چالاکی چەتەکان بەرفراوان بووە، چالاکییەکان زیاتر لەو شوێنانە زۆربووە کە دەسەڵات و کۆنترۆڵی دەوڵەتی تێدا لاواز بووە، ناوچە سنورییەکان پشکی شێری کاری چەتەگەرییان بەرکەوتووە. یەکێک لەو شوێنانەی کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا زۆرترین کاری چەتەگەرایی تێدا ئەنجامدراوە، سنوری هەنگاریا بووە. لە ساڵانی دواتریشدا لە ناوچەکانی ناوەوەی ڕومێلیا کە ناوچەکانی بەلقان و ڕۆژئاوای دەوڵەتی عوسمانی دەگرتەوە، باندەکان سەریان هەڵدا. لە ساڵی (١٧٠٨)دا چەتەکان بە ناوی "حەیدوت" دەرکەوتون، ئەم ناوە ناوێکی تایبەتی چەتەگەرەکان بووەو بەو کەسانە گوتراوە کە لە چیاکان و شوێنە دور و لاچەپەکان هێرشیان کردۆتە سەر خەڵك و دامەزراوەکانی حکومەت، ئەوانە ئاسایشی چەندین ناوچەی ڕۆژئاوای دەوڵەتی عوسمانیان شڵەژاندووەو گرفتیان بۆ بەڕێوەبردن و هێمنایەتی ناوچەکان دروستکردووە (Yılmaz, 2023, 128 – 178 ; Biçer, 2021, 210). هەروەها لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتیشدا بەهۆی شڵەژانی بارودۆخ و تێکچونی سیستمی زەوی و زار نارەزایەتی لە ناوچەکانی لوبنان و سوریای ئێستا دروستبووە، بەهۆی خراپی بژێوی و تێکچونی ئاسایشی ناوچەکانیان ژمارەیەك یاخیبون و کاری چەتەگەری لە لایەن خەڵکی ناوچەکە لە دژی کاربەدەستانی ناوچەکە ئەنجامداوە و کاریگەرییان لەسەر کاروبارەکانی دەوڵەتی عوسمانی دروستکردووە (Çakmak & Özcan, 2023, 247 – 248).

بە هەمان شێوە، ئەو گروپ و چەتەگەرانەی لە ناوچە سنورییەکانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا هەبونە، بە چالاکییەوە دەرکەوتون، بۆ نمونە لە دەوروبەری

بەغدا، دەوڵەت ڕێوشوێنی جۆراوجۆری خۆپارێزی لە ئەگەری پەرینەوەی سەرۆکی چەتەکان لە ئەنادۆڵەوە بۆ ڕومێلیا گرتۆتەبەر. چەتەگەرەکان بە کۆمەڵ و گرووپی جیاواز گەڕاون، زۆرجار لە شوێنە سەختەکان و شاخە بەرزەکاندا مۆڵگەیان دروستکردووە. بۆ ئەنجامدانی چالاکییە درێژخایەنەکانیان، پێویستیان بە چەند بابەتێکی وەك: دابینکردنی خواردن و خواردنەوە، دەستخستنی زانیاری و پاڵپشتی لۆجستی هەبووە، ئەم بابەتانە هەندێکجار لەلایەن خەڵکی گوندەکانەوە یارمەتی دراون، هەندێکجاریش لەلایەن دەوڵەمەندەکانی نزیك ئەو ناوچەیەی کە تێیدا بون پاڵپشتی کراون. بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە ئەرشیفییەکاندا هەیە، ئەوە دەردەخەن هەندێک لە کەسانی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندی شار و شارۆچکەکان بەشێوەی نهێنی پەیوەندیان لەگەڵ چەتەکاندا هەبووەو یارمەتیان داون، ئەم یارمەتیدانە لە پای پاراستن و دورخستنەوەی مەترسی چەتەگەرەکان بووە لەسەر گیان و موڵك و ماڵی خۆیان، لەگەڵ ئەوەی دەوڵەت هەوڵی پاراستنی هاوڵاتیانی داوە، بەڵام زۆرجار و لە زۆر شوێندا تواناکانی دەوڵەت لەو ئاستەدا نەبووە کە ڕوبەڕوی چەتەگەرەکان بێتەوەو مەترسییەکانیان لە خەڵك دوربخاتەوە( İslam ansiklopediyesi, 466 – 469).

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بگوترێ کاری چەتەگەری هاوشانی بەهێزی و لاوازی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە هەڵکشان و داکشان دابووە، ئەو کاتەی دەوڵەتەکە بەهێز بووە، کەمترین کاری چەتەگەری هەبووەو بەپێچەوانەشەوە، ئەو کاتەی کە دەسەڵاتی دەوڵەتەکە بێ هێز و لاواز بووە، چەتەگەرەکان کاری خۆیان ئەنجامداوە، بەم هۆیەوە گەورەترین کێشەو ئاڵنگارییان بۆ کاربەدەستان و دانیشتوانی دەوڵەتەکە دروستکردووە.

## ٢. شێواز و ڕێکاکانی کاری چەتەگەری لە دەوڵەتی عوسمانیدا

چەتەگەرەکان بۆ گەیشتنیان بە ئامانجە دیاریکراوەکان هەمو جۆرە ڕێگاو شێوازێکیان بەکارهێناوە، لە نێو ئەم ڕێگاو شێوازانەشدا چاوی زیاتریان لەسەر ئەو ڕێگایانە بووە کە لە بەدەستهێنانی دەستکەوتدا کەمترین مەترسی هەبووە. کاری چەتەگەرەکان لە ناوخۆی ولایەتەکان شێوازێك بووەو لە ناوچە دورە دەست و سەر سنورەکانیشدا بە شێوازێکی دیکەی ئەنجامدراوە. بۆیە شێوازو تایبەتمەندی چەتەگەرەکان لە ناوخۆ و ناوچە سنورییەکان جیاوازبووە، هەر یەکێکیان لە ڕێگاو شوێنێکی جیاواز کارە چەتەگەرییەکانیان ئەنجامداوە. وەك ئەوەی لە سەرچاوە بەکارهێنراوەکانی ئەم توێژینەوەیەدا تێبینی دەکرێت گروپەکانی سەر سنور زیاتر لەو کەسانە پێکهاتون کە لە یاسا هەڵاتونەو بەهۆی کاری تاوانکارییەوە پەنایان بۆ شوێنە سەخت و دوردەستەکانی سەرسنور بردووە، هەروەها لە ناوخۆی ولایەتەکانیشدا ئەو کەسانەی کاری چەتەگەرییان ئەنجامداوە زیاتر ئەوانە بونە کە بژێوی ژیانیان لەسەر کاری چەتەگەری یاخود دزیکردن بووە، ئەمانە لەو ناوچانە خۆیان حەشارداوە کە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هۆزگەرایی و خێڵەکیان هەبووە و پابەندی یاساو ڕێساکانی دەوڵەت نەبونە. بەمشێوەیە دەکرێ کاری چەتەگەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر ئەم دو شێوازەی خوارەوە پۆلێن بکرێن:

### ٢. ١ ئەنجامدانی کاری چەتەگەری بە شێوەی تاکەکەسی و گروپ

وەك ئەوەی لە پێشەوە باسکراوەو ئاماژەی بۆکراوە، کاری چەتەگەری دەرهاویشتەی چەندین هۆکاری جۆراوجۆرە، هەر یەکێك لەم هۆکارانە کاریگەری لەسەر دەستنیشانکردنی شێواز و ژمارەی چەتەگەرەکان دروست دەکات، زۆرجاری وا هەبووە کاری چەتەگەری لەلایەن یەك کەسەوە دەستی پێکردووە، دوای خۆ حەشاردان و بەردەوامی لەسەر کاری چەتەگەری، کەسانی دیکە پەیوەندیان پێوەکردووەو لە ئەنجامدا بازنەی کاری چەتەگەری بەرفراوانبووە، لە ئاستی تاکەکەسییەوە گەیشتۆتە ئاستی گروپی گەورە و کاریگەر. هەندێك لەو کارانەی کە لە لایەن چەتەگەرەکانەوە ئەنجامدراون تێکەڵ بە نوسینی ئەدەبی کراون و بەشێوەی ڕۆمان باس لە سەربوردەی کارەکانیان کراوە، یەکێك لەو ڕۆمانانە کە ناوودەنگێکی زۆری لە ناو خوێنەران و ئەدەب دۆستاندا هەیە "ڕۆمانی حەمەدۆك"ە، ئەم ڕۆمانە لە لایەن یەشار کەمال (1923 – 2015)ی گەورە نوسەری ناوداری کورد و تورکیا نوسراوە، چەند ڕوداوێکی لەسەر بابەتی چەتەگەری تێدا باسکردووە، لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بەرچاوڕوونییەکی باشت لەسەر کاری ڕێگری و چەتەگەرەکان بۆ ڕوندەبێتەوە (کەمال، 2016، بەرگی 1 – 4).

کارو دیاردەی چەتەگەری تەنها لە بواری ئەدەبیدا نەنوسراوەتەوە، بەهۆی کاریگەری چەتەگەرەکان لەسەر ئاراستەی ڕوداوەکان و کاروبارەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان و بەڕێوەبردنی کارەکانی دەوڵەت، سەرنجی ئەو گەڕیدە و گەشتیارانەی ڕاکێشاوە کە بە مەبەستی جیاواز سەردانی دەوڵەتی عوسمانیان کردووە، هەندێك لەو گەڕیدانە بە گرنگییەوە باسیان لەو کارانە کردووە کە لە لایەن چەتەگەرەکانەوە ئەنجامدراوە، یەکێك لە گەڕیدەکان بەناوی (ڕاوولف) کە پزیشکێکی هۆڵەندی بووە لە ساڵی (1573) دەستی بە گەشتەکەی کردووە، لە چوارچێوەی گەشتەکەیدا ساڵی (1574) سەردانی ناوچەکانی کەرکوك و هەولێری کردووە، لە یاداشتنامەکەیدا باس لە سێدارەدانی چەند چەتەگەرێك دەکات لە لایەن حاکمی ئەو کاتەی هەولێر، هاوکات باس لەو نا ئاراميیە دەکات کە بەهۆی چەتەگەرەکانەوە لە ناوچەکە دروستبووەو بازرگان و کاروانە بازرگانییەکانیان توشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر کردووە (کۆیی، 2013، 10 – 11). هەروەها چەند گەڕیدەیەکی دیکە کە بە شێوەی گەشتیار و ڕێبوار بۆ مەرام و مەبەستی تایبەتی خۆیان لەگەڵ کاروانەکاندا، گەشتیان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی کردووەو چەندین ناوچە گەڕاون، لە یاداشتنامەکانیاندا باس لە ئامادەسازی ڕێگا دەکەن و کەرستەی چەك بۆ هۆشیاری و مەترسی چەتەکانی ڕێگا دابین دەکەن (هەروتی، 2014، 63 – 64)، گەڕیدەیەکی دیکە باس لە مامەڵەی خراپی چەتەگەرەکان و ڕێگرییەکانیان دەکات، لەو بارەیەوە ئاماژە بە چەند ڕوداوێك دەکەن کە بەسەر خۆیاندا هاتووە (سەفەرنامەی ولیەم هیوود، 2012، 44 – 49). ئەم وێنەیە لە ڕوداوەکانی ئەم توێژینەوەیەی کاروانەکەی بالیساندا دەردەکەوێت، چەند چەتەگەرێك بەشێوەی گروپ لە ناوچەیەکی سنوری دەوڵەتی عوسمانی بەسەر کاروانەکەدا دەدەن و ڕوتیان دەکەنەوە. وردەکاری و زانیارییەکانی ئەم ڕوداوە لە تەوەری سێیەم باسدەکرێت.

### ٢. ٢ ئەنجامدانی کاری چەتەگەری لە لایەن هۆزەکانەوە

وەك ئەوەی لە سەرچاوەکاندا تێبینی و بەرچاو دەکەوێت بەشێکی زۆری کاری چەتەگەرەکانی سەر سنور لەلایەن هۆزە کۆچەرییەکانەوە ئەنجامدراوە، بەهۆی ئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هۆزەکان پێکهاتەیەکی تێکەڵاو و ئاڵۆز بووە، بەشێك لە هۆزەکان بەتایبەت ئەوانەی بژێوی ژیانیان خراپ بووە، ئەنجامدانی ئەمجۆرە کارانەیان بەلایەوە ئاسایی بووەو کاری چەتەگەری و ڕێگریان بە ئازایەتی زانیوە. ئەم دیاردەیەش زیاتر لەوناوچانەدا باوبووە کە سیمای هۆزایەتییان بەسەردا زاڵبووە، ولایەتەکانی عێراقیش پێکهاتەیەکی خێڵەکی و هۆزایەتی چڕی هەبووە، خێڵ و هۆزەکان

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp11-19

ڕێژەیەکی دیاری کۆمەڵگەیان پێکهێناوە (حسن، 1965، 180 ؛ حبیب، 133)، بەشێکی زۆری ئەم هۆزانە کۆچەری بونەو لە نێوان ناوچەکانی ناوخۆ و سەرسنورەکاندا هاتوچۆ و ڕایەڵێکی بەردەوامیان هەبووە. بە هۆی کۆچڕەوی بەردەوامی کۆچەرییەکان، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تاکو سالانی جەنگی یەکەمی جیهانی گەورەترین کێشەیان بۆ والی و دەسەڵاتی عوسمانی دروستکردووە، ئەمانە بەشێك بونە لە هۆکاری ناسەقامگیری و هێمنایەتی ولایەتەکانی عێراق، چونکە ژیان و گوزەرانی ئەو هۆزانە لەسەر کاری شوانکارەیی و بە خێوکردنی مەڕومالات بووە (وەردی، 2005، 373 ؛ لونگریك، 47 – 54). هەر لەوبارەیەوە گەڕیدەیەکی فەرەنسی بەناوی (ژاك ڕیتۆری) (1841 – 1921) زۆر بە خراپە باسی چەتەگەری هەندێك لە هۆزەکان دەکات، ئاماژەی بە ناوی هۆزێکی نێوان ڕێگای کەرکوك – سلێمانی کردووەو دەڵێت: "تەنها لەسەر ئەو دەستکەوتانە دەژین کە لە گەشتیارەکان بەدەستی دەخەن و کارکردن بۆ ئەوان مایەی شەرمەزارییە"(ڕیتۆری، 2008، 35). هەمان بابەتی چەتەگەری لەلایەن گەڕیدەیەکی دیکە بەناوی (بارۆن ئیدوارد نۆلد) (1849 – 1895) باسکراوە، ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: "زۆرجار ڕێگای هاموشۆی نێوان بەغداو موسڵیان گرتووە" (نۆلد، 2004، 9). هەروەها (ژاك ڕیتۆری) لە شوێنێکی دیکەی گەشتنامەکەیدا باس لە هۆزێکی دیکە دەکات و دەڵێت: وریاو ڕاشکاو تێکەڵاون، بەڵام ئەم سیفەتە چاکانەیان بە سیفەتی تاڵان و بڕۆیی بەهەدەر داوە (ڕیتۆری، 2008، 64).

لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە هۆزەکان خویان بە کاری چەتەگەرییەوە گرتووە، بەشێك لە هۆزەکان لە پاڵ کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵکردندا، کاری چەتەیی و ڕێگرییان ئەنجامداوە، ئەم کارەیان دەکرێ وەك خوێك بۆ مابێتەوەو پشتاوپشت شانازییان بەو کارەوە کردووە، لەو ڕێگەیەوە پارێزگاریان لە ئەندامانی هۆزەکەیان کردووە، بەم چەند ئامانجە چەندین جار هێرشیان کردۆتە سەر ڕێگای نێوان (حەلەب و بەغدا) و کاروانەکانیان ڕوتکردۆتەوە. بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی چەتەگەرایی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی ئەوەیانداوە شێخ و گەورە پیاوانی هۆزەکان بێنێتە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەت تاکو بنە خاوەن زەوی تایبەت بەخۆیان. لەو بارەیەوە هەواڵەکانی چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی (زەورا) باس لەوە دەکەن هەوڵەکانی حکومەت لە بارەی ڕێگری کردن و کەمکردنەوەی کاری چەتەگەری سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە (الجمال، 2010، 31 – 32). یەکێك لە هەوڵەکانی ڕێگریکردن و نەهێشتنی کاری چەتەگەری، دروستکردنی خان و کاروانسەرای نوێ بووە لەسەر ڕێگایەکان، دەوڵەتی عوسمانی جگە لەوەی لە ناوەندی شارەکان شوێنی مانەوەی بۆ کاروانچییەکان دابینکردووە، بە درێژایی ڕێگا دورەکانیش بە تایبەتی لە نزیك دەروازەی شارو ئاواییەکاندا خان و کاروانسەرای دروستکردووە (مولەر، 2017، 141 – 145 ؛ İslam ansiklopediyesi, 299 – 302).

## ۳. پوختەیەکی مێژوویی بالیسان و سەربوردەی کاروانێکی بالیسان و چەتەگەرەکان لە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا

### ۳. ۱ پوختەیەکی مێژوویی ناو و شوێنی جوگرافیای بالیسان

بە گوێرەی یەکێك لەو سەرچاوە تایبەتانەی کە لەسەر مێژوی بالیسان نوسراوە، لە بارەی ناوی بالیساندا ئاماژەی بە ڕاوبۆچوونی چەند نوسەرو کەسایەتییەك کردووە، بۆچوونی هەر یەکێکیان بە جۆرێکەو ناوی بالیسانیان بۆ بابەتێکی مێژوویی گەڕاندۆتەوە، لەسەر بنەمای زاروەکانی زمان، پێیانوایە ناوی بالیسان بە مانای: (نزار و قەدپاڵ، هێلانە، مێرگ، بەرۆچکە، پیرۆز) دێت. هەروەها بۆچوونێکی دیکەش ئەوەیە کە بالیسان لە وشەی "با" و "لیس"ه وە، دروستبووە، "با" مانایەکەی دیارە، "لیس"یش بەو شوێنە دەگوترێ کە با ناگرێتەوە یاخود بایەکی کەم دەیگرێتەوە. بەمشێوەیە بە تێپەڕبونی کات هەردو برگەو وشەی "با" و "لیس" گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووەو یەکیانگرتووە، سەرئەنجام ناوی "بالیسان"ی لێ دروستبووە (ابراهیم، 2019، 2 – 3). لەگەڵ ڕەچاوکردن و بەهەندوەرگرتنی بۆچونەکانی پێشەوە، بەڵام دەکرێ کۆتا بۆچون بە ڕاست و دروست بزانرێت، چونکە "لیس" جگە لەوەی شوێنێکی کەم با گرەوەیە بەو جێگایەش دەگوترێت کە شوێنی ژیان و مانەوەی باڵندەکانە، بەهۆی پارێزگاری و کەمی باوە دەکرێ باڵندەیەکی زۆر لەم شوێنە هەبوبن و بەمشێوەیە ناوی بالیسانی بەسەردا بڕابێت.

بالیسان لە ڕابردو وەك گوند و دواتریش شارەدێ و ناحیە لە ڕوی کارگێڕییەوە سەر بە قەزای شەقڵاوە و پارێزگای هەولێرە، (140)کم لە ناوەندی پارێزگای هەولێرەوە دورە، بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی (1957) ژمارەی دانیشتوانەکەی (455) کەس بووە. هەر لە بارەی ژمارەی دانیشتوانەوە بە گوێرەی ئاماری ساڵی (2009) ژمارەی دانیشتوانەکەی بۆ (1159) کەس بەرزبۆتەوە. هەروەها بەهۆی فراوانبون و ئاوەدانبونەوەی گوندەکانی ئەم ناوچەیە، پایە کارگێڕییەکەی بۆ ناحیە بەرزدەکرێتەوە، ژمارەی گوندەکانی ئەم ناحیەیە (15) گوندە. گوندەکانی ناحیەی بالیسان بە بەروبومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری: گەنم، جۆ، نۆك، میوە، سەوزەوات، مەڕ، بزن، چێڵ و مانگا بەناوبانگە (غەفوور، 2005، 105 ؛ غەفوور، 2015، 53 – 54).

بالیسان لە مێژوی دەوڵەتی عوسمانیدا بە ڕوداوی باش بوبێت یاخود نەخوازراو ناوبانگی خۆی لەنێو سەرچاوە مێژوییەکاندا تۆمارکردووە. هەبونی ئەم تۆمارانە لە نێو تۆمار و بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی مانای گرنگی و هەبونی پێگەی بالیسان دەگەیێنێت. وەك ئەوەی لە بەڵگەنامەکانیشدا دەردەکەوێت سەروکاری ئەم ناوچەیە لە کاری دەرەکی و ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا زیاتر لەگەڵ ئێراندا بووە، دەکرێ ئەمەش بۆ نزیکی سنوری نێوانیانەوە بوبێت. لەو بارەیەوە یەکێك لە سەرۆکەکانی گوندی بالیسان بەناوی (بەکر بەگ) لە دەوروبەری ساڵی (1896)دا کێشەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە، بەم هۆیەوە فرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت. ناوبراو دوای ئەو فەرمانی گرتنە بۆ ئێران ڕادەکات و دەچێ لە شاری مهاباد نیشتەجێ دەبێت.(خۆشناو، 2018، 40). هەروەها لە ڕاپۆرتێکی دیکەی ساڵی (1902)ی ئینگلیزەکاندا ئاماژە بە ناوی (بالیسان) کراوە، لە ڕاپۆرتەکەدا باس لە دابەشبونی دانیشتوانی ناوچەکە دەکات و دەڵێت: بالیسان گوندێکی بەربڵاوە و ٢٠٠ خانوی تێدایە. بەشی ڕۆژهەڵاتی هی کوردانی میر یوسف و بەشی ڕۆژئاوایەکەشی هی کوردەکانی میر مەحمەلییە. هەر لە ڕاپۆرتەکە باس لە پێکهاتەی جوگرافی بالیسان دەکات و ئاماژەی بەناوی چەند شوێنێکی ناوچەکە کردووە ( Gregorian, 1917, 271).

### ۳. ۲ سەربوردەی کاروانێکی بالیسان و چەتەگەرەکان لە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا

مەبەست و ئامانجی سەرەکی لە ڕێکخستن و ئەنجامدانی کاروانەکان بە گشتی و کاروانە بازرگانییەکان بە تایبەتی کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بووە، ئەو شوێنانەی کە لە ناوچە سنورییەکان نزیکبونە، هاتوچۆو ڕایەڵی بازرگانیان لەسەر سنورەکان و ناوچەکانی دەرەوە بووە. ئەم کاروانەی بالیسانیش بە مەبەستی کڕین و

فرۆشتن و ئاڵوگۆڕی کەلوپەلەکانیان و دابینکردنی پێداویستی ژیانی ڕۆژانەیان کاروانێکی خۆیان بە ئاڕاستەی سنوری ئێران ناردووە، زانیاری و ناوەڕۆکی ئەم کاروانە لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا تۆمارکراوە، بەڵگەنامەکە بە ژمارەی: (648/ 4ن) لە پەڕاوەکانی قەڵەمی تایبەتی وەزارەتی ناوخۆ تۆمارکراوە. لە بەڵگەنامەکەدا مێژوی ساڵنامەی ڕۆمی و کۆچی لەسەر نوسراوە، مێژوی ئەنجامدانی ڕوداوەکە بۆ ڕۆژی (5 تشرینی دووەمی 1308ی ڕۆمی / 26 ڕەبیعی دووەمی 1310 کۆچی / 17 تشرینی دووەمی 1892 زاینی) دەگەڕێتەوە، هەروەها زانیاری و هەواڵی ڕوداوەکەش لە (10/ تشرینی دووەمی 1310 ڕۆمی / 23 جەمادی یەکەمی 1310 کۆچی / 22 تشرینی دووەمی 1892)دا نوسراوە، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە هەواڵەکە پێنج ڕۆژ دوای ڕودانی ڕوداوەکە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت بەرزکراوەتەوە. هەروەکو لە سەرەتای نوسراوەکە تۆمارکراوە، وادیارە نوسراوەکە لە وەزارەتی ناوخۆوە نوسراوە، بەڵام وەك ئەوەی لە دەستپێك و یەکەم دێڕی نوسینەکەدا دەردەکەوێت زانیارییەکانی ناو ئەم نوسراوە ئاراستەی وەزارەتی دەرەوە کراوە، وەکو بڵێی ویستبێتیان وەزارەتی دەرەوە لەمجۆرە کار و پێشێلکاریانەی سەر سنوری دەوڵەتی عوسمانی ئاگادار بکەنەوە، نوسراوەکە بەمشێوەیە دەستی پێکردووە:

"بۆ وەزارەتی پایەداری دەرەوە، بە مەبەستی کڕین و فرۆشتنی کەلوپەلی خۆراك و خواردەمەنی بیست کەس لە هاوڵاتیانی ناوچەی (بالیسان)ی سەر بە قەزای ڕەواندز، بە خۆیان و نزیکەی (60) شەست سەر ئاژەڵ، لە کاتی چونیان بۆ (لاهیجان) کە ناوچەیەکی سەر سنوری ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بووە، لەسەر ڕێگاکەدا لە ناوچەی (سەکرانی گچکە) (کە ئێستا گوندێکە دەکەوێتە دەڤەری باڵەکایەتی)، لە لایەن (50) کەس لە (ئەشقیاچی) چەتەو ڕێگرەکانی ئێران بە زەبری هێز و بەکارهێنانی توندوتیژی ئاژەڵەکانیان لێ زەفت دەکەن و دەستی بەسەر دادەگرن، بە پێی ئەو دەنگۆ و زانیاریانەی کە لە تەلگرافنامەیەکدا بۆمان هاتووە، باس لەوە دەکرێ کاروانچیەکان بە چەك بەرگریان لەخۆ کردووەو هەوڵی پاراستن و گەڕاندنەوەی کەلوپەل و ئاژەڵەکانیان داوە، لە دژی ئەو دوژمنە نارەسەن و هیچ و پوچانەی کە هێرشیان کردونەتە سەر بە توندی بەرگریان لەخۆ کردووە، بەڵام لە بەرگریکردنەکەدا سەرکەوتو نەبونە و شکستیان هێناوە، بە پێی ئەو دیمەن و هەواڵە سەرەتاییانەی کە بینراو و بیستراون، ژمارەی ئەمجۆرە هێرشانە بەڕادەیەك زۆربونە بونەتە دیاردە و بارودۆخێکی نەخواستراویان لە ناوچەکە دروستکردووە، بۆ ئەوەی ئاسایش و هێمنایەتی بۆ ناوچەکە بگەڕێندرێتەوە، دەبێت ڕێ و شوێنی توندیان لەبەرانبەردا بگیرێتەبەر تاکو بە زویی لەناو ببردرێن و کۆتایی بەمجۆرە کارانە بهێنرێت".

هەر سەبارەت بە ڕوداوەکە لە کەناری لای ڕاست و لە ناوەڕاستی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکەدا بە چەند دێڕێکی کورت، ڕونکردنەوەی زیاتر لەسەر ڕوداوکە نوسراوە، وەك ئەوەی لە نوسینەکەدا دەردەکەوێت دو کەس لە ئەندامانی کاروانەکەی بالیسان، لەلایەن ئەو چەتە و ڕێگرانەی کە هێرشیان کردونەتەسەر بە تفەنگی جۆری (مارتن) و خەنجەر بریندار کراون، تفەنگی (مارتن) یەکێکبووە لە تفەنگە دیارەکانی ئەو سەردەم، لە لایەن (فردریك ڤۆن مارتینی/ Friedrich von Martini) (1833 – 1897)ی بە ڕەچەڵەك سویسری کە لە ئیمپراتۆرییەتی نەمسا لە دایکبووە، ساڵی (1870) تفەنگێکی دروستکردووە، تفەنگەکە هەر بەناوی خۆیەوە ناوی مارتینی لێنراوە، ئەم تفەنگە لەلای خۆمان بە (برنۆ) ناسراوە، لە چەکە هەرە باش و بەکارهاتووەکانی ئەو سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بووە، بگرە هەتاکو نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمیش هەر بەکارهاتووە (https://www.tarihte.net).

هەر وەکو لە باسەکانی پێشەوە ئاماژەی بۆکراوە، هۆزەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ناوچە سنورییەکان کێشەو نائارامییەکی زۆریان بۆ دەوڵەت دروستکردووە، ئەم باس و خواسانەی کە لە پێشەوە باسکراون کەم تا زۆر لەم ڕوداوەی کاروانی بالیسانیش بەدی دەکرێت، ڕوداوەکە لەسەر سنوری ئێران لە لایەن هۆزەکانەوە ئەنجامدراوە، ئەمەش ڕاستییەکی ڕوون و ئاشکرایە کە هۆز و عەشایەرەکانی سەر سنوری ئێران بە هەمان شێوەی سنورەکانی ڕۆژئاوای دەوڵەتی عوسمانی دەستێکی باڵایان لە کاری چەتەگەریدا هەبووەو سەرچاوەیەکی سەرەکی ناسەقامگیری و پشێوی نانەوە بونە. ئەم چەتەگەرانە لە پەناو بازنەی سنوری هۆزەکاندا چەك و پێداویستی شەڕ و کەرستەی هێرشکارییان دابینکردووە، یەکێك لە چەکە هەرە باشەکانی ئەوکاتیش کە تفەنگی جۆری (مارتن) بووە بەکاریانهێناوە. ئەم تفەنگەیان دەکرێ لە ئێران یاخود لە ناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەستکەوتبێت، دەستکەوتن و بەکارهێنانی ئەمجۆرە چەکە کارئاسانییەکی باشی بۆ چەتەگەرەکان کردووە، دەکرێ بە هۆکاری سەرکەوتنی کارە چەتەگەرییەکەیان دابنرێت، وەك ئەوەی لە ژمارەی کاروانچییەکان و چەتەگەرەکاندا بەدی دەکرێت، ژمارەی کاروانچییەکان لە ژمارەی چەتەگەرەکان کەمتر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کاروانچییەکان بە بوێرییەوە بەرگرییان لەخۆکردووە، ئەگەر جیاوازی جۆری چەك و شارەزایی چەتەگەرەکان نەبوایە، ئەستەمبو چەتەگەرەکانی ڕێگا بتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن و کاروانەکەیان لێ بەتاڵان ببەن، چونکە بە گوێرەی ئەو زیانانەی کە لە بەڵگەنامەکەدا باسکراوە، زیانی گیانی و مردنی لێ نەکەوتۆتەوە، جگە لە زیانی ماددی، کاروانچییەکان کەمترین زیانی گیانی لێی دەرچونەو تەنها چەند برینداریێکیان هەبووە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەینێت کە کاروانچییەکان بە خۆڕاگرییەوە بەرگرییان لەخۆکردووە. هەروەها ئەوەی لە ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکەشدا تێبینی دەکرێت چۆنیەتی ڕودانی ڕوداوەکە سەرنجی خراوەتە سەر و جەختێکی زۆر لەسەر چارەسەرکردن و دوبارەنەبونەوەی ئەمجۆرە ڕوداوانە دەکاتەوە. لایەنێکی دیکەی شێوەی کاروانەکە ژمارەی بەشداربووانییەتی، پێدەچێت خەڵکی بالیسان و دەوروبەری هەمویان بە یەکەوە ئەم کاروانەیان ڕێکخستبێت و بە مەبەستی دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان ڕویان لە ناوچەکانی سەرسنور و ئێران کردبێت، پێناچێت کاروانەکە هی کەسێکی بازرگان بوبێت و بۆ کارێکی بازرگانی ڕێکخرابێت، چونکە وەك لە ژمارەی کاروانچییەکان و کەلوپەکانیان تێبینی دەکرێت زۆربەیان ئاژەڵ و مەڕومالات بووە، بە مەبەستی کڕین و فرۆشتن یاخود هەناردەکردن و هاوردەکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان ئەم کاروانەیان ڕێکخستووە (DH_MKT___02023_001 00_001 _001).

## ئەنجامەکان

لە ژێر ڕۆشنایی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە و لێکۆڵینەوەکردن لە سەرچاوە بەکارهاتووەکاندا، ئەم چەند دەئەنجامانەی خوارەوە بەدەستهاتون:

- چەمك و وشەکانی: (چەتە، چەتەیی، چەتەگەری و چەتەکاری) لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا بۆ کاری: دزی و جەردەیی، ڕێگری، تاڵانگر، خوێنڕێژ و ستەم و زۆردارییان بۆ بەکارهێنراوە.

- بە گوێرەی فەرهەنگەکانی زمانی تورکی بنچینەی وشەی "چەتە" لە زمانەکانی دیکەو زمانی ئەلبانی بەتایبەتی تێکەڵ بە زمانی تورکی بووە. هەروەها وشەکانی: ئەشقیا و ئەشقیاچی بۆ کاری ڕێگری و چەتەیی بەکارهێنراوە.

-کاری چەتەگەری (ئەشقیاچی) بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی و دەوڵەتی عوسمانی هەبووە، لە کاتی بەهێزبوندا کەمترین دیاردەی چەتەگەری هەبووەو لە کاتی لاوازی و بێ هێزی دەسەڵاتیشدا چالاکی چەتەگەرەکان ڕووبەرێکی فراوانی گرتۆتەوەو درندەیی و کاریگەرییان لە ئاستێکی بەرفراواندا بووە.

- هۆکارەکانی دروستبون و سەرهەڵدانی کاری چەتەگەری جۆراوجۆر بونە، دیارترین هۆکاریش تێکچوونی سیستەمی زەوی و زار و بێ هێزبوونی دەسەڵاتی ناوەند و سوڵتانەکانی عوسمانی بووە.

- شێوازەکانی کاری چەتەگەری لە دەوڵەتی عوسمانی لەسەر ئاستی تاك و گروپ و هۆزەکان ئەنجامدراوە، هەر یەکێکیان لە ژینگەیەکی تایبەت بەخۆیاندا کاری چەتەگەرییان ئەنجامداوە.

- بالیسان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ڕوی کارگێڕییەوە سەر بە قەزای ڕواندز بووە، پێگەیەکی دیاری لە دەوڵەتەکەدا هەبووە، بۆیە لە بەڵگەنامەو سەرچاوە مێژووییەکاندا بە ڕوون و ئاشکرا ناوی هاتووە.

- لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، کاروانێکی گەورەی بالیسان بۆ سنورەکانی ئێران چووە، هەبونی ئەمجۆرە کاروانە گەورەیە، مانای دەوڵەمەندی و هەبونی پەیوەندی بازرگانی ناوخۆیی بالیسان و ناوچەکانی دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەگەیەنێت.

- ناوچە سنورییەکان و ڕێگای کاروانە بازرگانییەکانی نێوان بالیسان و ئێران ڕێگایەکی سەقامگیر و ئارام نەبووە، هۆکاری ئەمەش بۆ لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتی عوسمانی لەم ناوچانە دەگەڕێتەوە.

- ئەو چەتەگەرانەی هێرشیان کردۆتە سەر کاروانەکەی بالیسان بەهێزو توانایەکی زۆرەوە دەرکەوتون، وێڕای بەتاڵانبردنی کەلوپەلەکان، چەند کەسێکیشیان لێ بریندار کردون، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە چەتەگەرەکان کەسانی ڕاهێنراو و شارەزایان لەگەڵدا بووە.

## سەرچاوەکان


ابراهیم، مخلص اسماعیل (2019). بالیسان تۆماری مێژووی بیست ساڵەی بون بە ناحیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین.

خۆشناو، هێمن عومەر، (2018). شەقلاوە و خۆشناو لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، بەرگی یەکەم.

ڕیتۆری، ژاك، (2008). گەشتنامەی مسیۆنێرێك بۆ ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی ساڵی 1878، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆ کوردستان ساڵی 1817، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، (2012). چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

شێخ محەمەدی خاڵ، (2017). فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار)، (2009). هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی – فارسی، چاپی شەشەم، تاران.

غەفوور، عەبدوڵڵا، (2015). فەرهەنگی جوگرافیایی هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

غەفوور، عەبدوڵڵا، (2005). گوندەکانی باشوری کوردستان لەسەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا 1957، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، بەرگی دووەم.

کەمال، یەشار، حەمەدۆك، (2016). وەرگێڕانی: عەبدوڵڵای حەسەن زادە، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

کۆیی، هۆشیار محەممەدئەمین، (2013). هەولێر لە یاداشت و بیرەوەری گەڕیدەو نوسەرە بیانییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی مستەقبەل، لوبنان.

مولەر، کارل، (2017). کاروانسەراکانی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

نۆڵد، بارۆن ئیدوارد، (2004). گەشتێك بە عەرەبستان و کوردستان و ئەرمەنستاندا، وەرگێڕانی: د. حەمید عەزیز، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

هەروتی، سەعدی عوسمان (2014)، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەو سەرچاوە مێژووییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

وەردی، عەلی، (2005). چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لە مێژووی نوێی عێراق، وەرگێڕانی: کوێستان جەمال، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

ئەلتەرمانینی، (2015). عەبدولسەلام، کۆیلایەتی لە دوێنێ و ئەمڕۆیدا، وەرگێڕان: عومەر عەلی غەفور، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە لە (سەرۆکایەتی فەرمانگەی ئەرشیفی عوسمانی) پاریزراوە. Cumhurbaşkanlığı Devlet Arşivleri Başkanlığı Osmanlı Arşivi (BOA), (DH_MKT_2023_100_001_ 001)

الجمال، محمد جبار ابراهیم، (2010). بنیة العراق الحدیثة تاثیرها الفکري السیاسي 1869 – 1914، بیت الحکمة، بغداد.

حبیب، کاظم، (2013). لمحات من عراق القرن العشرین، الطبعة الاولی، مطبعة اراس، اربیل، الجزء2.

حسن، محمد سلیمان، (1965). دراسات في الاقتصاد العراقي، دار الطلیعة، بیروت.

لونکریك، ستیفن همسلي، (1988). العراق الحدیث من سنة 1900 الی سنة 1950، ترجمة: سلیم طه الکریتي، الطبعة الاولی، بغداد.

Artan Mihriban, (2016). Mühimme Defterlerine Göre Osmanlı Devleti'nde Eşkıyalık Hareketleri (1626-1631), Yüksek Lisans Tezi, T.C. Mardin Artuklu Üniversitesi.

Biçer, Ramazan Hüseyin, (2021). 678 Numaralı Çavuşbaşı Defterine Göre Xvıı. Yüzyıl Başlarında Eşkıyalık Suçları, Türk Dünyası Araştırmaları, Eylül- Ekim 2021 Cilt: 129 Sayı: 254.

Çakmak Yalçın & Özcan Ahmet, (2023). Şekavet Hiyanet İsyan Geç Osmanlı'dan Cumhuriyet'e Eşkiyalık, Birinci Baskı, İletişim Yayınevi, İstanbul.

Daşcıoğlu, Kemal, (2017). Osmanlı'da Eşkıyalık Hareketlerini Cezalandırma Yöntemi Olarak Sürgünler, Osmanlı'dan Günümüze, Eşkıyalık ve Terör, İkinci Baskı, Samsun.

ERTAŞ, Mehmet Yaşar, (2017). 18. ve 19. Yüzyılda Osmanlı Taşrasında Yasadışılık: Yerel İdarecilerle Eşkıya İlişkileri, Osmanlı'dan Günümüze, Eşkıyalık ve Terör, İkinci Baskı, Samsun.

GÖKBUNAR Ramazan & GÖKBUNAR Ali Rıza & UĞUR Alpaslan, 17. (2010). Yüzyılda Osmanlı Devleti ve Batı Avrupa Devletleri'nde Mali Yapı Üzerine Savaşların Etkileri, Maliye Dergisi, sayı: 159y, Temmuz-Aralık

Gregorian ,Handbook of Mesopotamia, 1917: India Office Records and Private Papers, P271

KODAMAN, Bayram, (2007). Osmanlı Devleti'nin Yükseliş ve Çöküş Sebeplerine Genel Bakış, SDÜ Fen Edebiyat Fakültesi Sosyal Bilimler Dergisi Aralık, Sayı:16.

Meriç Volkan & İnbaşı Mehmet, (2023). 52 Numaralı Mühimme Defteri'ne Göre 1583-1584 Yılları Arasında Osmanlı Devleti'nde Eşkıyalık Olayları, Erciyes Akademi, say: 37(3).

Sami, Şemseddin, Kamus-ı Türki, ikinci baskı, Türk dil kurumu yayınları, İstanbul, 2015.

UNAL Mehmet Ali, (2017). Devlet İçi İktidar Mücadelesinin Bir Unsuru Olarak Eşkıyalık ve Ayrılıkçı Hareketler, Osmanlı'dan Günümüze, Eşkıyalık ve Terör, İkinci Baskı, Samsun.

Yılmaz Faruk (2023), Selçukludan Günümüze Anadolu İsyanları ve Eşkıyalık Hareketleri, Birinci Baskı, Dorlion Yayınları, Eskişehir.


https://www.defineanlami.com/anadolu-eskiyalari-eskiya-liderleri/ 6. 7. 2024.

https://anabilgi.anadolu.edu.tr/?contentId=208668 6. 7. 2024.

https://islamansiklopedisi.org.tr/sipahi 7. 7. 2024

https://www.tarihte.net/aynali-martin-osmanlinin-yerli-tufek-girisimi/#martini-henry-tufegi 25. 7. 2024

**پاشکۆی بەڵگەنامەکە:**




DH.MKT.02023.00100.001

**سەرچاوە: سەرۆکایەتی فەرمانگەی ئەرشیفی عوسمانی لە کۆماری تورکیا، ئەستەمبوڵ**